# راستی "Truth"

**سمکۆ عەلی**
ئۆسلۆ 2010



**راستی؛** راستگۆیی، گێڕانەوەی ڕووداوێک یان بەسەرهاتێک، یان وەڵامدانەوەی پرسیارێک وەک خۆی بێ لێکەمکردنەوەی یان زیادە خستنەسەر ئەو ڕووداوە، یان بڵێین بەبێ درۆکردن. هەروەها راستی دەرخستنی شتێکی نادیار و شاراوە، دۆزینەوە و راستکردنەوەی شتێکی ناڕۆن و ئاڵۆز و ونبوو، لادان لەچەوتی و خواری و، ... هتد.

**راستیی؛** وەک وشەیەک دەکرێ ماناکەی پێچەوانەی وشەی: هەڵە، درۆ، ناڕاستی، ناڕۆنی، نادیار، چەوتی، خواری، ئاڵۆزی، شاراوە، تەماوی، تێکدراو و،.... هتد. ببەخشێ. لێ دەستەواژەی راستیی وەک چەمکێک، دەبێتە ئەوبابەتەی، نەک تەنها مرۆڤی ئەمرۆ بەشوێنیدا دەگەڕێت و مشتومڕی لەسەردەکات و، بووەتە سەرەتا و کۆتایی ئەندێشە و تێڕامانمان. بەڵکو هەرزۆر لەکۆنەوە ئەوانەی پێش ئێمەش هەرئەو گرفتەیان لەگەڵ چەمکی راستیدا هەبووە. ئەم گەڕانە بەشوێن ئەم دەستەواژەیەدا، تەمەنێکی زۆر کۆنی هەیە و، تائێستەش بەم هەموو تێکۆشینەی کە دراوە لەوبارەوە، بۆ دۆزینەوەی پرسیارێکی واسادە *"راستیی چییە؟"*، ئەنجامێکی تەواوی نەبووە. بێگومان توانراوە چەند وەڵامێکی خۆڕازیکەر بەرهەمبهێنرێ؛ وەک: *"راستی و راستییەکان رێژەیین! یان راستیی پێوەندییەکی تایبەتیی تاکەکان و شتەکانە. شتەکانیش بەپێی کات و شوێنی جیاواز، دەگۆڕدرێن".* ئەگەر وابێت، لێرەدا بەرەوڕووی گرفت دێین؛ (کەواتە راستیی شتێک نییە کەبتوانرێ دەربخرێت و، پێوەندیی بۆ هەموومان **"مرۆڤ و شتەکان (هەموو بونێک)"** وەک یەکبێ). لەبەرئەوەی زۆر لەوشتانەی کە لای کۆمەڵگەیەک راستە، پێدەچێ لای کۆمەڵگەیەکی تر بەتەواوی هەڵەبێت، یان ئەو ڕووداوە فیزیاییانەی لەشوێن وکاتێکدا راست و گونجاوە، لەشوێن و کاتێکی جیاوازدا، ناڕاست و نەگونجاوە.... ئەوسا راستیی دەبێتە (درۆ، هەڵە، ناڕاستی، چەوتی، نادیار، شاراوە، خواری، و.....). ئەمە واپێدەچێ مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بەشوێن شتێکدا دەگەڕێ، کە لەوشوێنەدا ئەوشتە بوونی نییە. وەک ئەوەیە بەشوێن دەریالوش بگەڕێ لەبیاباندا. لەبەرئەوەی لەبیاباندا دەریالوش نییە!. ماوەی چەندە هەوڵی بۆ بدرێت، ئەوهەوڵە بێئەنجام دەبێ. چۆنکە مرۆڤ لەشوێنێکی هەڵەوە لەڕاستیی دەگەڕێ بیدۆزێتەوە و، لەو راستییە تێبگات، کە ئەوشوێنە راستیی تێدانییە. سەرچاوەی ئەو شوێنەش، مرۆڤ خۆیەتی. گەروابێت!، کەواتە بۆ گەڕان بەشوێن دەستەواژەی راستیی، دەبێ گەشتی لێکۆڵینەوەکەمان لەشوێنێکیتربێت. بۆ نموونە؛ من ناتوانم لەخۆم تێبگەم و، راستییەکان

دەربارەی خۆم بزانم، لەکاتێکدا کە لەخودی خۆمەوە دەستپێبکەم. بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بناسم، دەبێ پێشینەی خۆم بناسم. **"من بۆ منم و، تۆ یان کەسێکی ترنیم؟"**. پاشان منی ئێستە بۆ منی دوێنێ، یان ساڵێک لەمەوپێش، یان دەساڵ لەمەوپێش نیم؟. بێگومان من لەهەردوو رووی منی **"ماتریاڵ"** و منی **"فکر"**، بەپێی تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێم. کەواتە، بۆ تێگەیشتن لەڕاستیی من، دەبێت لەپێشینەی خۆم بگەم، لەهەموو روویەکەوە! پێشینەی من بریتییە لەهەموو ئەو رووداوانەی پێیدا تێپەڕیوم و، ئەو خێزانەی پێکهێنەری منە، خێزانی من بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی خێزانی منی پێکهێناوە. ئەو کۆمەڵگەیەش، بریتییە لەکولتور. ئەو کولتورەش، بریتییە لەبیروباوەڕ. ئەو بیروباوەڕەش، بریتییە لەدەوروبەر. دەورووبەریش بریتییە لەسروشت. سروشتیش، لەمادەکان پێکهاتووە. مادەکان پێکهاتوون لەئەنجامی رووداوەکان. رووداوەکان، بریتین ***لەتێکچوونی هاوسەنگی***. تێکچوونی هاوسەنگیی، بریتییە لەهێز. هێز، بریتییە لەووزە. ووزە، بریتییە لەگۆڕان. گۆڕان، بریتییە ***لەتێکچوونی هاوسەنگی***. بەوشێوەیە رێگەکان کۆتاییاندێت، هیچ رێگەیەک نەما بیگرینەبەر. ئەگەر وابێ دەبێ هاوسەنگیمان بۆ رۆنبێتەوە و بزانین تاچەند راستیی لەخۆدەگرێت.... هەموو ئەم گەشتە و، تێگەیشتنمان لەم هەموو چەمکە! تەنیا بۆئەوەیە کەبتوانین لەخودی خۆمان بگەین.

سەرتا پێویستە بزانین بۆچی گرنگە بگەڕێین تا سەرچاوەی شتەکانمان بۆ رۆندەبێتەوە! لەبەرئەوەی کاتێک بەشوێن راستیدا دەگەڕێین، بەرەوڕووی کۆمەڵێ پرسیاری سەخت دەبینەوە. **"هەر پرسیارێکیش بەشێوەیەکی زانستی رۆننەکرێتەوە، دەبێتە پرسیارێکی سەخت"**. لەزۆر رووەوە ناتوانرێت لەڕێگەی بیرکردنەوە و، پێنج هەستەکانمانەوە بۆ رۆنکردنەوەی سەرچاوەی شتەکان وەڵامی تەواومان دەستبکەوێ، لەبەرئەوە پێویستمان بە تێکنۆلۆجی و ئامڕازی تایبەت دەبێت. مەبەست لە ئامڕزی تایبەتی چییە؟ لێرەدا پێویستە نمونەیەک باس بکەین: لەکۆندا دەربارەی نەخۆشییەکان کەتووشی مرۆڤ دەبوون، کۆمەڵێک وەڵام بۆ هۆکارەکانیان دەهێنرایەوە. ئەگەر کەسێک تووشی گرانەتا ببوایە، هەندێ کەس (زانا)ی ئەوکاتە، لەرێی بیرکردنەوەی خەیاڵیی و، ئەزموونی خۆیانەوە و، ئەو ئەفسانانەی فکری داگیرکردبوون، وایاندەزانی کە جنۆکە چووەتە لەشی نەخۆشکەوتووەکەوە. لەبەرئەوەی "نەخۆش"، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەیگەرمی لەشی، دەکەوتە وڕێنەکردن و، "هەندێ قسەی دەکرد کە خەڵکی بەباشی تێنەدەگەیشتن لێی"، لەبەرئەوە نەخۆشەکەیان دەبەستەوە و دارکارییان دەکرد، بۆئەوەی جنۆکەکە لەلەشی بکەنە دەرەوە.! مرۆڤی ئەوکاتە هەرچەندێک هەوڵیبدایە، نەیدەتوانی وەڵامی **راستی** هۆکاری نەخۆشی بداتەوە... بۆ؟ چۆنکە ئەو ئامڕازە دروستنەکرابوو کەپێیدەگوترێ ***(مایکرۆسکۆپ)***.

لەبەرئەوە جگە لەبەکارهێنانی پێنج هەستەکەمان و، ئەزموون و، بیرکردنەوە، ئامڕازی تایبەتمان پێویستە بۆئەوەی وەڵامی راستمان دەستبکەوێ. هەرچەندە تاکوئێستە توانیومانە، کۆمەڵێ وەڵامی راست لەبارەی پرسیارە زۆر سەختەکانی رابردوو بدەینەوە. وەک: **رووداوە سروشتییە بێوەڵامەکانی کۆن، لەبارەی *شێوەی زەوی، هەسارەکان، شەو و رۆژبوونەوە، بارانبارین و نەبارین، و.... پاشان لەبارەی زانستی نوێ؛ پێکهاتنی زیندەوەر و، گۆڕانیجۆر "Evolution" لەسەر زەوی. پاشان، سەلماندنی "کوارک" کە پێکهێنەری پرۆتۆنە! و، .... تا دوایی.***** هەرچەندە تا ئێستە لەنێوەندێکی زۆرتایبەت و سنووردار، گەیشتووینەتە ئەم وەڵامە راستانە. هەرچۆنێکبێ لێرەدا

ئێمە، قسە لەسەر پرسیاری راستییەک دەکەین، کە پێوەندیی بۆ هەموو شتێک لەهەموو کات و، شوێنێکدا جیاوازیی نەبێت.